# مزگەوت ماڵی خودایە ..

قوبادی جەلی زادە



سەدان جا ر هاتم و لە دەرگەی ماڵەکەتم دا
لە وێ نەبووی !!
ئەی لە کوێی خودای من ... ئەی لە کوێی !؟
کە س نیە ئەوەندە ، ماڵەکەی جێبێڵێت .. کەس نیە !
بێم لە کوێ بتبینم ...
بە پەلەم خودایە .!!

بۆ نایەیتەوە ماڵ !؟
چووی چ تۆفانێک هێمن بکەیتەوە !
نێڵە نێڵی کام دۆزەخ بخەوێنیت !
لەسەرە مەرگا ، دڵی کام نەخۆش بدەیتەوە !
لەسەر گۆڕی کام عەبدی شەهیدت ، بە کوڵ بگریت !؟

لە کوێی خودای من !!
لەکام باخچەی منالآندا ،
بەنوور ، چاوی تاریکیی دەرێژی !
بووکە شووشە ، دەخەیتەوە ئامێزی منداڵیی !
گیرفانی پەپوولە پڕ دەکەیتەوە لە نەستەلە !

سەدان جار هاتم و لە وێ نیت ...

بۆ ئەوەندە ماڵەکەت چۆڵ دەکەی !

بەندەکان خیانەتت لە کەڵدا دەکەن .. ئەی خودا .!

ئەوان لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە ،

روو دەکەنە ئێمەی بێ گوناهو هاوار دەکەن :

خودایە .. جەرگیان بسوتێنە !

خودایە .. مناڵەکانیان هەتیوکە !

خودایە .. ژنەکانیان بێوە ژن !

ئیدی ماڵەکەت چۆڵ مەکە خودای من ..

ئەوان لە ماڵی تۆوە ،

لەشکر دەکەنە سەر جوانیی .

دەست و پەرەمووچی هونەر ، شەلاڵی خوێن دەکەن !

باڵی گۆرانی دەشکێنن !

هەڕەشە لە پشکوتنی گوڵ دەکەن .

لووتی مەمک دەبڕن !!

بە ئیمزاو خەتمی تۆ :

کوشتنی کانی حەلاڵ دەکەن

نارنجۆک دەدەنە دەس مندال

مەمکی ژنە زەیستان پڕ دەکەن لە ژەهر !

زوو فریا کەوە ..

عەبدە بۆگەنەکانت دەیانەوێ ،

قێزەونت کەن .

دەست لە پشتی منداڵەکانمان دەدەن تا ،

بەردە بارانت کەن .

ئەوان پێمان دەلێن :

خودا تۆقینەرەوە... هیچی تر

خودا بکوژەوە ... هیچی تر

خودا تاعونەوە ... هیچی تر

خودا دۆزەخەوە ... هیچی تر

بگەڕێوە ..

بەرماڵ خڵتانی خوێنە ..

میحراب چنراوە بەمردن ..

لە نێوان هەموو دوو پەڕەیەکی قورئاندا ، شمشێرێکی خوێناویی !

لە نێوان هە موو دوو ووشەیەکی قورئاندا ، مینیک !

لە نێوان هەمو دوو پیتێکی قورئاندا ، کەللە سەرێک !

درەنگە بگەڕێوە خودای من ،

درەنگە !!؟